# سەردەمانێ .. تاریکی سپی بوو



هۆنراوەی : تەیب جەبار

سەردەمانێ .. دونیا زۆر جوان بوو .

زەوی .. هێلانەی گولێ ،

ئینجانەی مرواری ،

سەبەتەی پەپولە ،

قۆزاخەی کپی بوو .

ئاسمان .. باخی تیشک ،

دەسماڵی تریفە ،

گوڵدانی ئەستێرە ،

تاریکی سپی بوو .

سەردەمانێ .. ژیان زۆر خۆش بوو .

درەخت .. بەشنەی سێبەری خۆی ..

( با) ی باوەشێن دەکرد .

ئاو.. قا چی رێبواری ..

بەخەنینە ختوکە دەدا .

هەتاو.. دەم و چاوی ..

بەگەواڵە دەسڕی .

مانگی چواردە .. جار جار ..

لە سایەی پەر چەمی پەڵە هەور ،

سەرخەوی دەشکان .

زیندەوەر .. بە مو چرکی گزنگ ..

لە خەو بێدار دەبوو.

دایکم بە نیگای گیا ..

بەرهەیوانی ئاورشێن دەکرد .

ئەركی گران ، بە ڕۆژ ..
شوانی ئاو ، گەنمەوان ،
بەزمی سێ باز و هەلوكێن بوو .
بە شەوان ..
چنینی حەكایەت ،
برژاندنی شیعر ،
كۆڕی كلاوێن بوو .
زەخیرەی زستان .. زۆر سادە بوو .
باوەشێ كرێوە ،
چارۆكەیەك سروە ،
لەگەڵێ شەقەی باڵ ،
چەند دەسكێ چاوشاركێ ،
یەك دوو چنگ گەرمایی ،
مەلۆیەك پاڵكەوتن ،
قرتاڵەیەك كڕ بوون ،
دوو چەپك گڕ و گاڵ ،
سێ تاڵ قسەی نەستەق ،
كوپەیەك تەڕایی .
بژێوی .. ئاسان بوو .
سێ ژەمە ..
قلْپەی قریوە بوو .
بەیانیان .. بەر چایی ..
جامێ جریوە بوو .
نیوەڕوان ..
دوو كەوگیر پێكەنین ،
كولێرەی خەندە و شلەی خۆشی .
ئێواران ..
لەتێ مانگ .. هێلكە و زریوە بوو .

خەوتتان..

پاش دوعا و شایەتمان ،

بە سایەقەی دوو بەر..

خۆمان دادەپۆشی .

ئەمێستا ..

رەشەبا مان دەگریٚ ،

هەڵناکا ، نایەتە خوارەوە .

جۆگەلە تورەیە ،

بە باڵای شاخا هەڵدەگەڕیٚ .

دەریا .. لە هەڵمی خۆی بیزارە ،

خەریکە دەخنکیٚ .

ئاگر نەفرەت لە دووکەڵ دەکا ،

دەتاسیٚ .

بیابان .. لم دەلەوەڕێنیٚ ،

رەوڕەوەی تۆز و خۆڵ ،

دەخاتە بەردەستی گەردەلوول .

بەڕەی شیٚ ..

لە ژێر پیێی روبار رادەکێشیٚ .

ئەمێستا ..

کێو بە ئاسانی دەگا بە کێو ،

گرد دەچی بە گژ گرددا .

دەست ناخرێتە ناو دەست ،

لێویش ناگا بە لێو .

شەم ، وەلی ناناسیٚ .

مەم ، پشت دەکا لە زین .

شوێنی ماچ ..

دەبێتە دارستانی برین .

جیٚ ژوان دەبێتە ..

**گۆڕستانی( شیرین ) .**

**ئێستا .. من ..**

**لەرزی گەرمم لێ دێ .**

**هەندێ جار ..**

**( تا ) ی سارد دامدەگرێ .**

**سێ ژەمە .. وەک کرم ،**

**قوڕ دەخوم .**

**خودایە ، هاوارە ..فریادێ ،**

**راوە دووکەڵ دەکەم ،**

**لە ناو وەرد و شۆمێکی تەڕدا .**

**پاسەوانی دەنگم ،**

**لە دەروازەی شارێکی کەڕدا.**

**سلێمانی / ئایاری ٢٠٠٩**

* لە پاشکۆی رەخنەی چاودێر ، ژمارە (١٦٨) رۆژی ( ٢٠٠٩/٦/٨) دا ، بلاْوبۆتەوە .